هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پلاندانان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێڕی و دارایی
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان
ژمارە: ٤-٧
ڕێکەوت: ٢٤ / ١٨ / 27ی کوردی

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التخطيط
المديرية العامة للادارة و المالية
مديرية التعاقدات العامة

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Planning

No:
Date: / /

بۆ/ گشت وەزارەتەکان ( ) - ب. گ. دیوان

## بابەت/ بەشداربوون لە خولەکانی ڕاهێنان

لە میانەی جێبەجێکردنی خولەکانی ڕاهێنان لە بواری گرێبەستە گشتیەکان، دیاردەیەک زۆر بە زەقی بەرچاومان کەوتووە کە بریتیە لە دووبارە و سێبارە بوونەوەی بەشداربوونی فەرمانبەران لە هەمان خولی ڕاهێنان. ئەم دیاردەیە وایکردووە زۆرێک لە فەرمانبەران کە پێویستە شارەزاییان هەبێت لەو بوارە بێبەشبن لە بەشداربوون لەم جۆرە خولانە، وە ئەم دیاردەیەش بووەتە هۆکاری کەمیی شارەزایان لە بواری گرێبەستە گشتیەکان لەگەڵ ئەوەی وەزارەتمان بە دەیان خولی ڕاهێنانی جۆراوجۆری لەم بوارە جێبەجێکردووە.

پێویستە لەسەر هەموو فەرمانبەرانی حکومی شارەزایی تەواویان هەبێت لە ڕێنمایی و سیستمی کارپێکراوی گرێبەستە گشتیەکان، بە تایبەتی ئەو فەرمانبەرانەی لە بواری گرێبەستە گشتیەکان و جێبەجێکردنی پرۆژە کاردەکەن لە ئەندازیار و تەکنیکار و یاسایی و ژمێریار و وردبین و سەرپەرشتیارانی پرۆژەکان و ئەندامانی لێژنەکانی کردنەوە و شیکردنەوەی تەندەر و ئەوانەی پێوانەی کۆتایی بۆ پرۆژەکان ئەنجامدەدەن.

داواکارین لە بەڕێزتان گشت فەرمانبەرانی ئەو بوارانەی لە سەرەوە هاتوون بەشداریان پێبکرێت لە هەموو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان و بەشەکانی تری سەربە وەزارەتەکان چ لە ناو وەزارەت بێت یان لە دەرەوەی وەزارەت.

لەگەڵ ڕێزدا ...

شێروان اسعد قادر
بریکاری وەزارەت


Kurdistan Region,Erbil,
60m st, Near Council of Ministers Building
Phone:0662230170
E-mail: info@mop - gov krd
هەرێمی کوردستان، هەولێر،
شەقامی 60 مەتری ، نزیک سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
تەلەفون: 066 2230170